# جوگرافیای کوردستان بۆ جاری شەشەم چاپ دەکرێتەوە

## عەبدوڵڵا غەفوور: ئەو کتێبە ناوێکی ئەوتۆی داوەتەوە کە پێشتر زانستی جوگرافیا بەخۆیەوە نەیبینیوە





**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

جوگرافیای کوردستان یەکێکە لەبەرهەمە هەرە سەرکەوتووەکانی نووسەرو شارەزا لەبواری جوگرافیا (د.عەبدوڵلا غەفوور) کە تائێستا شەش جار ئەم کتێبە رووناکی چاپی بەخۆیەوە بینیوە.

وەکو لەپێشەکی چاپی شەشەمدا، نووسەر دەڵێت: جوگرافیای کوردستان دوای چاپی یەکەم کە لەلایەن وەشانخانەی ئاپیكو بەر لەپازدە ساڵ لەستۆکهۆڵم بڵاوکرایەوە، چوار جار(دەزگای موکریانی ٣جار، دەزگای سەردەم ١جار) هەرجارەی بەتیراژی هەزار تا دوو هەزار دانە چاپکراوەتەوە، جگە لەوەی کە کۆلیژی مرۆڤایەتی لەزانکۆی سلێمانی هەشت سەد دانەی بەکۆپیکراوی دابەشی سەر خوێندکارەکانی کردووە".

لەبارەی چاپی شەشەم، (د.عەبدوڵلا غەفوور) تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور) گوتی "بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی زانیارییەکانو راستکردنەوەی هەڵەی زانستیو پوختەکردنی زمانو رێنووسو زاراوەکان، دەستکاری لەناوەرۆکی بەشەکانو بابەتەکانی کراوە"، لەبارەی چۆنیەتی چاپکردنی چاپی شەشەمیش، گوتی "بەخۆشحاڵیەوە ئەکادیمیای کوردی خەرجی چاپکردنەوەو بڵاوکردنەوەی لەئەستۆی خۆی گرتووە، لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم".

هەر سەبارەت بەگرنگیی کتێبی جوگرافیای کوردستان، نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت "جوگرافیای کوردستان یەکێکە لەو کتێبانەی کە لەناو مامۆستاو خوێندکاری جوگرافیادا لەزانکۆو ئینیستیوتو هەروەها خوێنەوارانی رەمەکی لەکوردستاندا ناوێکی ئەوتۆی داوەتەوە کە پێشتر زانستی جوگرافیا بەخۆیەوە نەیبینیوە"

جێگەی باسە د.عەبدوڵلا غەفوور ساڵانێکی دوورو درێژە خزمەتێکی بەرچاوی بواری جوگرافیای کوردستانی کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو بەشی زۆری کارەکانی بەهەوڵو ماندووبوونی خۆی ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەو بۆچوونێکی دیکەی هەیەو دەڵێت "من چاوم لەوە نییە کە خەڵکانێك خزمەتم بکەن، بەڵکو هەمیشە ئاواتی من ئەوەیە بتوانم خزمەتی نیشتمانەکەم بکەم بەبێ بەرانبەر". ماوەتەوە بڵێین (د.عەبدوڵلا غەفوور) لەدایکبووی کەندێناوەیەو تائێستا ٣١ کتێبی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە.

# ئەرسەلان کاروانی ئاواتەکەم لەگەڵ کاروان عوسمان نەهاتەدی

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

ئەرسەلان سابیر عەبدوڵلا ناسراو بە (ئەرسەلان کاروانی) لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی قەزای مەخموورە، لەساڵی ١٩٨٣وە لەبواری گۆرانیو ئاوازدان ئەسپی خۆی تاوداوە، سێ بەرهەمی هاوبەشی لەگەڵ سترانبێژانی مەخموور لەگەڵ (تیپی مۆسیقای قەرەچووغ)دا هەیە، لەساڵی ١٩٩٢ لەتایتلی فیلمی (ئازارەکانی کورد) بەگۆرانییەك بەشداریی کردووە کە لەئاوازی خۆی بوو، لەدوای ساڵی ١٩٩٤ (٣) گۆرانی تری تۆمارکرد کە یەکێکیانی کلیپکرد.

لەدیمانەیەکی (دەنگی مەخموور)دا، هونەرمەندی گۆرانیبێژو ئاوازدانەر (ئەرسەلان کاروانی) رایگەیاند "لەژیانمدا وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان یەك ملیۆنی بۆسەرف کردووم، ئەویش (٢) گۆرانیم پێ تۆمارکرد"، هەروەها گوتی "(٥٠) ئاوازی تۆمار نەکراوم هەیە تائێستا بۆم نەرەخساوە تۆماریان بکەم، دیارە ئەوەش ئیمکانیەتێکی زۆری دەوێ، ئەوەی من ئاگادارېم تۆمارکردنی هەر گۆرانییەك لەستۆدیۆ (١٥٠٠) دۆلاری تێدەچێ بۆ کلیپکردنیش هەر مەپرسە!".

ئەو هونەرمەندە پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ هونەرمەندانی سەردەمی خۆی هەبووە، هەروەك ئاماژەی بەوەکرد کە پەیوندییەکی باشی لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (کاروان عوسمان)دا هەبووە، لەمبارەیەوە گوتی "لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (کاروان عوسمان) پەیوەندییەکی پتەوی هاوڕێیەتی باشمان بەیەکەوە هەبوو، بەنیازبووین گۆرانییەك بەناونیشانی (گڕی ئازار) بەیەکەوە تۆماربکەین، بەڵام مخابن ئەو کۆچی دوایی کرد و منیش ئاواتەکەم نەهاتەدی".

لەبارەی داخستنی کەناڵی ئاسمانی (نەورۆز)و کاریگەریی بۆ سەر کاری هونەرمەندان،



ئەرسەلان کاروانی پێی وابوو "کەناڵی ئاسمانی نەورۆز تاکە کەناڵی تەلەفزیۆنیی حکومەتی کوردستان بوو کە بەبێ جیاوازی یارمەتی هونەرمەندانی دەداو بەرهەمەکانیانی بۆ پەخش دەکرد، کەچی بەداخەوە داخرا".

سەبارەت بەو کلیپانەی کە لەدەرەوەی کوردستان ئەنجام دەدرێت، گوتی "وابزانم ئەو کلیپانە تەنها پارە سەرفکردنە، چونکە ئەو سروشتو جوانییەی لەکوردستان هەیە لەهیچ شوێنێکی دونیا نییە، ئەگەر مەبەستیش کامیراو تەکنیکی پێشکەوتوو بێت، ئەوە لەکوردستان هەمووی دەستدەکەوێت". لەبارەی کاری ئاوازدانیش گوتی "بەلای من ئاوازدانان بەهرەیەکی خۆڕسکە کە خودا بەمرۆڤی دەبەخشێ، مەرجیش نییە ئەوەی ئاواز دادەنێ کەسێکی ئەکادیمی یان میوزیکژەن بێت".

لەبارەی دوا کاری هونەریشی بۆ ساڵی نوێ، کارەوانی روونیکردەوە "لەساڵی ٢٠١٢ لەبەرنامەم دایە کە دوو گۆرانی نوێ کە لەئاوازی خۆمن تۆماریان بکەم".




# پێشانگای شێوەکاری لە مەخموور دەکرێتەوە

رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٢/٢/١٦ پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی سنووری قەزای مەخموور لەهۆلی چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی مەخموور دەکرێتەوە.

لە لێدوانیکیدا عیماد جەمیل بەرپرسی چالاکی قوتابخانەکان رایگەیاند: بۆ ئەمساڵ چەندین چالاکی ئەنجام دەدەین، بۆ ئەم مەبەستە بەیانی پێشانگای شێوەکاری ساڵانە ئەنجام دەدەینو سەرجەم ئامادەکارییەکان کراونو لەکۆتایشدا خەڵات بەسەر قوتابییە سەرکەوتووەکان دابەش دەکرێت.

# ساڵی رابردوو ٩٦٠ ملیۆن ئەوروپایی رۆیشتوونەتە هۆڵەکانی سینەما

تەنها لەساڵی رابردوودا زیاتر لە ٩٦٠ ملیۆن کەس لەسەرتاسەری ئەوروپا بۆ تەماشاکردنی فیلم رۆیشتوونەتە هۆڵەکانی سینەما.

بەگوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی فارسیی "ئیسنا"، ئەنجومەنی بیستن-بینینی یەکێتیی ئەوروپا لەراپۆرتی ساڵانەی خۆیدا رایگەیاندووە" ساڵی ٢٠١١ ژمارەی ئەو ئەوروپییانەی رۆیشتوونەتە سینەما لەچاو ساڵی پێشتر زیادبوونێکی بەرچاوی نەبووەو ئەگەر زیندوویی سینەمای فەرەنسا نەبوایە، سینەمای ئەوروپا لەئاست رێژەی بینەرانەوە تووشی دابەزینێکی بەرچاو دەبوو.

ساڵی ٢٠١١ نزیك بە ٩٦٠ ملیۆن بلیت لەسەرتاسەری ئەوروپا فرۆشراوە کە لەچاو ساڵی ٢٠١٠ رێژەی ٤/٠٪ دابەزینی هەبووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە سینەمای فەرەنسا بە ٤/٢ زیادبوون، نزیك بە ٢١٦ ملیۆن کەسی کێشاوەتە سینەماکان، کە ئەوەش بەرزترین ژمارەی تۆمارکراوە لەساڵی ١٩٦٦ـەوە تائێستا.

ئیتاڵیا بە ٧/٩و ئیسپانیا بە ٧/١، زیاترین دابەزینی رێژەی تەشاوانیان لەساڵی رابردوودا هەبووە.

# دوای ١٨ ساڵی ڕێ دەدات منداڵەکانی ببنە ئەکتەر



براد پیت ئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیوۆد رایدەگەیەنێت کە تاوەکو منداڵەکانی نەبنە ١٨ ساڵ بەشداری کاری سینەمایی نەکەنو پێیانباشە کوڕێکیان لەریزی یانەی لیڤەرپوڵەوە یاری بکات.

برات پیت ئەستێرەی ناوداری ئەمەریکا کە لەگەڵ ئەنجێلینا جولی هاوسەری خاوەنی شەش منداڵن، رایگەیاند "پشتیوانی لەو شتانە دەکەم کە منداڵەکانم حەزیان لێدەکەنو پێیان خۆشە، بەڵام هەتا نەبن بە ١٨ ساڵ رێیان نادەم لەبواری سینەمادا رۆڵ ببینن". پێشتریش ئەنجێلینا رایگەیاندبوو کە منداڵەکانی ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەو بوارەی کە خۆیان خوازیارن کاری تێدا بکەن.

لەلایەکی دیکەوە براد پیت خۆیو ئەنجلینای هاوسەری هاندەری سەرسەختی یانەی لیڤەرپوڵن، لەمبارەیەوە پیت لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی وتی "هەموو هاوڕێکانم هاندەری لیڤەرپوڵن، منیش بەدەر نیم لەوە، هەروەها ئەنجلیناش هاندەری لیڤەرە"، ئاشکراشیکرد کە ئەنجلینا بەنیازە کوڕێکی کە تەبەنی کردووە بیباتە ریزەکانی یانەی لیڤەرپوڵەوە تا یاریی بۆ ئەو تیپی تازەپێگەیشتووانی ئەو یانەیەدا بکات.

وێنەو یادگاری



دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بەسەر هاوڵاتییانی مەخموور لە ١٩٥٩/٨/١٥دا

## حەیرانێك بە یادی جاران

حەیران سەرێ من گەلە دێشێ دەردێ لە درم دەناری
ئەنگۆ زەینی خۆ بدەنە کاولە بناری
گەوارەکی دادەینا چەند جوانە لە دوور دەباری
سەرێ گەواران تەڕ دەکاتەوە تە پەو لاسۆری
کلکەیی قەرەبۆتك و قەرەبێتکان
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە پێش دەرکێ قەرە رەشمارێ
بەژنێ باریك راوەستایە بەخانو مانی
گۆتم : کیژۆرە جوانێ یاخوا هەوریەت پیرۆز بێ
لەگەر هیزاری مارێ بابی من لێدەنێن
لە کۆچ و کۆچباری، دەچنەوە کاولە هەواری
کورەتیم حەیران بەجێ دەمێنێ بەدرەکی خەمو تاری